ئایا کاك (حەمیدی ئێزد پەناه) بە باشی لەهجەی (لوڕی)ی زانیوە ؟ چ ڕێنووسێکی لە نووسینەوەی بەشی (لوڕی)یەکەدا بەکار هێناوە ؟ دەنگەکانی چۆن دەربڕیوەو نیشانەکانی لامی قەڵەوو لامی سووكو (واو)و (ی)ی تیژو کراوەی چۆن نووسیوە ؟ دوایی کاك مەحموود چۆن ئەو فەرهەنگەی نووسیوەتەوە ؟ دەسکاری ڕێنوسەکەی کاك حەمیدی کردووە یان نە ؟ ئەگەر کردوویەتی چۆنی زانیوە ؟ بەهەر حاڵ شارەزایانی لەهجەی لوڕی ئەتوانن ئەم پرسیارانە روون بکەنەوەو زیاتر خزمەت بە زمانو فەرهەنگی زمانی کوردی بکەن .

لێرەدا گومانم لە دوو نموونە دەردەبڕم :

١ ــ (سیر : بووکێنی ــ ٠ عروسی ل : ١٢١) ٠

(نیر : ڕووناکی ٠ نوور ــ ٠ نور ل : ١٩٤) ٠

من وا دەزانم (ێ)ی (سیر)و (نیر) بە تەواوی بە (ی) ناخوێنێتەوەو بەڵکوو لە بەینی (واو)و (ی)دا ، واتە بە (ئیماله) دەخوێنرێتەوەو ئەو کاتە کەلیمەکان وەك (سویر)و (نویر) دەخوێنرێنەوە . ئەوەش دەڵێم گەلێ جار لە گوێ کوانوو بەر زۆپای شەوانی زستاندا بیستوومە پرسیار کراوە ئەمە چییە : («سوور» بە «لەکی» شایی‌یە) ؟

٢ ــ وێنەی (بیبه) لە **(چارگوش بیبه ل : ٦٨)**دا مانای (ماضی) دەگەیەنێ نەك مانای مەصدەر واتە : (چوار گوێ بووە ، گوێ قولاخ‌بووە) نەك (گوێ هەڵخستن) . واتە ئەسڵی (ی)ی (بیبه) (و) ە (بیبە = بووە) ئەم بوونی (و) بە (ی)ە لە زمانی کوردیدا زۆرەو نموونەی فرەیە . ماموستا (حەسەنی قزلجی) ش لەم مەبەستە دواوە دا (١) .

پەراوێز :

(١) بڕوانە : حەسەنی قزلجی ، گۆڕانی پیتەکان بەیەکتر ، جێگۆڕکێی پیتەکانو سوانو تێکشکانی وشەکان بە هۆی ئەو ئاڵو گۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ . گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد . بەرگی شەشەم . ١٩٧٨ . چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد . بەغدا ل : ١٥٨ .

چەند تیۆرێك دەربارەی (بێ ئارامی)

« کریم سۆفی »

ئەگەر لە روانگەیەکی جیهانی‌یەوە بڕوانینە باری گوزەرانی مرۆڤ ئەبینین ملیۆنەها کەس دووچاری دەردێکی پەنهانو **شاراوە بوونە** کە بۆتە هۆی هەراسان کردنو پشوو **لێ‌هەڵگرتنیانو** تێکدانی بەختەوەری ژیانیان ، ئەم **تێکدەرە « بێ ئارامی » یە** کە بە یەکەم دوژمنی مرۆڤ ئەدرێتە قەڵەم ، زۆر تیۆری جۆر بە جۆر دەربارەی دروست بوونی ئەم بێ ئارامی‌یە هەیە . پزیشکەکان ئەیگەڕێننەوە بۆ چەند **نەخۆشی‌یەکی ئۆرگانی** ، وەیاخود لە ئەنجامی خەیاڵو خەیاڵ بازێتی کە سایەتی ئەم بێ ئارامی‌یە دروست ئەبێت. **زۆر جار مرۆڤ خۆی بەر پرسیارە لە دروست بوونی بێ ئارامی** ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە ئەندێشەیی‌یەی کە مێشكو لێکدانەوەی خۆی پێوە خەریك ئەکاتو بە شتێکی راستەقینەشی ئەزانێت کەچی لە راستی‌دا بیر کردنەوەیەکی خەیاڵی‌یەو بەس **هیچ بناغەیەکی مەنتیقیو زانستی پاڵپشتی ناکات.**

بابزانین زانا سایکۆلۆجیستەکان لەم بارەیەوە چۆن لە بێ ئارامی گەیشتوونو بەچی‌یان داوەتە قەڵەم .

« بێ‌ئارامی » : ــ دۆخی ترسێکی شاراوە توندو تیژە کە ئەبێتە هۆی دڵ تەنگیو خەمو خەفەتو ئێشو ئازار

کەسی بێ‌ئارام هەمیشە بیر لە ڕوودانی شەر ئەکاتەوە ، هەرگیز ڕەش‌بینەو گومان هەموو شتێکی دەورو بەری ئەکاتو لەوە ئەترسی کە زیانێکی پێ بگات .

سایکۆلۆجیستی

دەروون ناسی بە ناوبانگ « فروید » بێ‌ئارامی ئەکاتە دوو بەشی سەرەکی : ــ

١ ــ بێئارامی بابەتی ــ القلق الموضوعی ــ : کە بەرپەچ دانەوەی مەترسی غەریزەی ناوەوەی ناسراوە، مەترسی بابەتی . . . مەترسییەکی ناسراوە ، بێ ئارامی بابەتی بێئارامی یەکە **لە دەوری مەترسییەکی ناسراو ئەسوڕێتەوە .**

٢ ــ بێئارامی دەمارەکی ــ القلق العصابی ــ نــ کە بەرپەچ دانەوەی مەترسی ناوەوەی نەناسراوە بێئارامی دەمارەکی بێئارامییەکە کە **لە دەوری مەترسی یەکی نەناسراو ئەسوڕێتەوە** ، ئەم جۆرەیان ئەکرێتە چەند لقێکی تر کە ئێرەدا بواری باسکردنیان نییە .

لە سەرەتاوە « فروید » سووربووە لەسەر ئەوەی کە گوایە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان دروست بوونی بێئارامیو بێ بەشبوون لە «سێکس» هەروەکو ئەلی : ــ

« زۆربەی ئەو کەسانەی کە **تووشی بێ بەش بوون لە سێکس هاتوون ، بێگومان تووشی (بێئارامی) یش هاتوون »**

کەواتە بەپێی تێگەیشتنی پێمەوانەی ئەم دەستەواژیە ئەتوانین بلێین هەر مرۆڤێک کە دووچاری بێئارامی بووە هەروەها دووچاری بێبەشبوون لە (سێکس) یش بووە . لۆجیکێکی سەیرە ئەگەر بە گوێرەی ئەم لۆجیکە بێت کەواتە بۆمان ئەلوێت بلێین :

« مادام هەموو گوێزێك خڕە کەواتە هەموو خڕێك گوێزە » ئەمەش وابزانم ئەگەر هەر لە فەرهەنگی بیرکردنەوەی « فروید » جێگای ببێتەوە کە هەموو جۆرە نەخۆشییەکو ئارەزوویەك ئەداتە پاڵ بێبەش بوون لە سێکس **ئەمەش ئەقڵ پاپشتی ناکات،**

«فروید» لەسەر ئەم پێوو دانگە ئەیەوێت مرۆڤ شیی بکاتەوەو لێکی بداتەوە هەروەکو مرۆڤ بەگشتی بە گیانلەبەرێکی سێکسی ئەزانێو دەوری هەموو لایەنەکانی تری ژیان فەرامۆش ئەکاتو ئەیەویت لە سەرکەوت « الجزء » گشت « الکل » شی بکاتەوە .

« فروید » ئەلی : « کاتێ کە ئالوودەی سێکس **ڕێگایەکی ئاسایی ناگرێتەبەر بۆ بەتاڵ بوونو تێربوون ئەم هێزە ئەوسییەی کە بەستراوەتەوە بە پاڵپێوەنەری سێکس «اللبیدو» ئەگوڕێت بۆ بێئارامی «القلق» ئەم گۆڕانەش بەلای فروید بەرێگایەکی فسیولۆجی ئەبێت،** کەچی فروید لە بیردۆزەکەی دوایی‌دا لەم بارەیەوە ئەم رایەی خۆی پووچەڵ ئەکاتەوەو ئەمجارەیان بە پێچەوانەوە بۆی دائەبەزێت ئەلێ نــ

«بێئارامی ئەبێتە هۆی بێبەش بوون لە سێکس » .

هەرچۆنێك بێت رەنگە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی‌کە دووچاری بێ ئارامی هاتوون لەوانەبن کە رێگایەکی ئاسایی‌یان هەبێت **بۆ بەتاڵ کردنو تێرکردنی ئالوودەی سێکس .** واتە ئەتوانین بلێین مەسەلەی بێبەش بوون لە سێکس هۆیەکی بنچینەیی نیە بۆ دروست بوونی بێئارامی .

لە بیر دۆزەکەی «توارانك»دا دەربارەی دروست بوونی بێئارامی واهاتووە : **«گوایە لە دایك بوون ئەبێتە هۆی بێئارامی ئەو بی ئارامی‌**یەی کە « **رانك** » پێی ئەلێ « بێئارامییەکەم » هەروەها ئەم بێئارامییە لە دوایی‌دا بەردەوام ئەبێت **بە بەردەوام بوونی کەسەکە .**

اتورانك ئەلێ : ــ جیابوونەوە لە دایك (مەبەست لە دایكبوون) ، ئەبێتە هۆی دروست بوونی بێئارامی بەلگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە گوایە ژیانی ناو منداڵدان سەبارەت بە **منال** وەکو ژیانی بەهەشت وایە کە منالەکە هەست بە چێژو بەختەوەریو خۆش گوزەرانی‌یەکی بێپایان ئەکات،بەلام لەدایك بوون بریتەیە لەدەرکردنی لەم بەهەشتە خۆشەدا ! . بۆیە لە دایك بوون ئەبێتە هۆی دروست بوونی بێئارامی .

لێرەدا ئەبینین (فروید) بە رایەکەی « رانك » رازی نی‌یەو رەخنەی لێ ئەگرێت ، گوایە منال لە سەرەتای ژیانیدا فامکردنی نیەوناژانێ کەوا لە دایکی‌جیائەبێتەوە یاخود جیا بۆتەوە بۆیە « فروید » ئەلی : جیابوونەوە لە دایك هۆیەکی بنەڕەتیو سەرەکی نیە بۆ دروست بوونی بێئارامی بەلام « فروید » لەو بڕوایە دایە کە ئەم ئێشو ئازارەی بە لەشی منالە (مەلۆتکە) کە ئەگات لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە دایکی ئەمەیە هۆی سەرەکی دروست بوونی بێئارامی لە دایك بوون .

« لێرەدا مافی ئەوەمان هەیە کە بلێین **مادامەکی** مەلۆتکەی ساوا گە هەستو نەستو فامی نیە **چۆن** هەستو فامی بەو ئێشو **ئازارەیەکرد** کە لە ئەنجامی لە دایك بوونیدا دووچاری هاتووە . . !

لە لایەکی تر خۆ ئەم منالە مەلوتکەیە هێشتا نەگەیشتۆتە قوناغی فامکردنو تێگەیشتن هەتا بیرۆکەو لێکدانەوەی خۆی بەم **ئێشو ئازارە ناخۆشەیە خەریك بکات** . . . لەوانەیە ئەم ڕایە زیاتر **بە سەر ئافرەتــە زایەکەدا جێگای خۆی بگرێت** ، چونکە ئەو لە ئەنجامی ئەم منال بوونەیەوە هەستی بە ناخۆشیو ئێشوئازاری

لەشی‌و دەروونی کردووە »

ئەبینین ـ فرۆید ـ هەر زوو ئەگەڕێتەوە سەر رایەکەی ـ رانك و ـ دان بەوەدا ئەنێ‌و بایەخێکی گرنگ ئەداتە جیابوونەوە لە دایك کە هۆیەکی گرنگە بۆ دروست‌بوونی بێ‌ئارامی منال بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دایکی لی‌وون ئەبێت بەلام ئەم جۆرە بێ‌ئارامی‌یەی کە منال ئەو کاتە هەستی پێ‌ئەکات بەرای ـ فرۆید ـ **ئەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی منال بەبێ توانای بەرامبەر بەم هەموو ئاگاداری‌یە زۆرەی کە لە پێویستی‌یەکانەوە دەرئەچن . کە پێویستی‌یان بە تێر بوون بە ئەنجام گەیاندن هەیە .**

پێویستە لێرەدا ئەمەش ڕوون بکەینەوە کە جیابوونەوەی منال لە دایك وەکو هەست‌کردنی منالەکە بە چۆلی‌یەك‌و خۆ بەتەنیا هاتنە بەرچاو ترسی‌و سامێك لە دەروونیا سەر هەلدەدا نووڕنی‌یە ئەم ترسی‌و لەرزەی ئەوکاتەی سەرەتای دروست بوونی بێ‌ئارامی منالەکە بێت .

هەروەها « ئەلفرد ئەدلر » مەسەلەی دروست بوونی بێ‌ئارامی **ئەگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی** هەست‌کردن بە ناتەواوی کە (ئەدلر) **بە پال پێوەنەرێکی بنەڕەتی** ئەزانێ بۆ دووچار بوونی نەخۆشیەکانی دەمارەکی ، هەروەها لەجی‌ی خۆیەتی کە باوەر بە خۆ نەکردن بکەینە هۆیەکی گرنگ بۆ دروست‌بوونی بێ‌ئارامی چونکە باوەر بە خۆ نەکردن لە ئەنجامی هەست کردن بە ناتەواوی یەوە دروست ئەبێت ئینجا ئەم هەست کردن بە ناتەواوی‌یەش چ دەروونی بێت یاخود جەستەیی ، چونکە کەسی هەست کردوو بە ناتەواوی ئارادەیەکی زۆر بیرکردنەوەو ئەندێشەی خۆی بەو (هەستە)وە ئەبەستێتەوەو هەردەم لە دەروونیدا خول ئەخواتەوە بۆیە چونیەتی بیرکردنەوە رۆلێکی گرنگ **ئەبینی لە دروست بوونی بێ‌ئارامی‌دا** بۆ دۆزینەوەی رێگای راستی بیرکردنەوە پێویستە خۆمان لەم بیرو باوەرە باوە بپارێزین ئەلێ : «بێ ئارامی حەسرەتی بێ هێزەکان‌و سەر نەکەوتووەکانە ... » بەلکو پێویستە بە پێچەوانەوە وەری‌بگرین. کە « بێ‌ئارامی » : بەلگەیەکە لە بەلگەکانی بە هێزایەتی .

« حوسێن موئەننس » ئەلێ :

ئێمە بەختەوەرین چونکە بی‌ئارامین ...

ئێمە بەختەوەرین چونکە ئەم بێ‌ئارامی‌یە پالمان پێوە ئەنێت بۆ بیرکردنەوەو خەون بینین‌و هیوا خواستن .

مرۆڤ بە درێژایی ژیان هیوای هەیە ... تەمەن کۆتایی نایەت هەتا هیوا کۆتایی نەیەت »

نووسەری فەرەنسی بە ناوبانگ ـ جان جاك رۆسۆ ـ بێ‌ئارامی بە کلیلی دەرگای ژیانی ئەزانێت ئەو بێ‌ئارامی‌یەی کە ئەبێتە هۆی **بە ئاگا هێنانی نووستووەکان** هەروەکو لە «وورد بوونەوەی گەرۆکێکی تەنیا»دا ئەلی : ـ « ئەو گەڕانە بەرەو کوێم ئەبات... ئایا ئامانجێکم نی‌یە کە بۆی هەول بدەم ... ؟ نازانم .... بەلام بەختەوەرم کە نایزانم .... چونکە کەزانیم کۆتایی دێت .... »

ئەگەر سەیری مێژوی ژیانی زاناو گەورە نووسەران‌و بلیمەتەکانی جیهان بکەین ئەبینین کە زۆربەی زۆریان لە دۆخێکی دل تەنگی‌و بێ‌ئارامی‌دا ژیاون بەلام لە هەندێ لە قۆناغەکانی ژیانیاندا توانیویانە بەسەر ئەم بێ ئارامی‌یەدا زال بن هەروەکو لەسەرەوە ووتمان کە **زۆر جاران مرۆڤ خۆی بەر پرسیارە لە دروست بوونی بێ‌ئارامی ئەویش بە بیرکردنەوەیەکی خەیالی رووت‌و بەراست زانینی ئەم خەیالە** ، هەروەکو ئەبینین (تشارلس سبرد جون)رانومایی‌کەری ئینگلیزی بە ناوبانگ لە چەرخی نوزدەهەم‌دا بە ئاشکرا دان بەو راستی‌یەدا ئەنێ کە ئەلی : « هەرکاتێ کەداوای ووتار خوێندنەوەم لێ‌ئەکرا لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا .. یەکسەر ترسی‌و بێ‌ئارامی‌و دوو دلی سواری ملم ئەبوون هەتا وام لێ ئەهات خۆزگەی لاق شکاندن بخوازم نەوەکو بگەمە ئەو رۆژەی کە ووتارەکە بخوێنمەوە » لە ئەنجاما کە ئەجووە سەر دوانگە « مینبەر » نوودلی‌و رەنگ بزرکان تەواو ئەیان شێواند دانیشتوان‌و گوێگرەکان بە شێوەیەکی ناشیاوو ناشیرین بیریان لی ئەکردەوە ..

• رۆژێکیان « سبردجون » دانیشتبوو .... **دۆخی ژیانی خۆی شی ئەکردەوەو لی‌ی وورد ئەبۆوە** پرسیاری لە خۆی ئەکرد ... چ شتێکی نالەبار روو ئەدات ئەگەر ئەمجارەیان بە شێوەیەکی ئاسایی ووتارەکەم بخوێنمەوە .... بە زووترین کات بریاری ئەوەی‌دا کە هەرچی‌یەك روو بدات ... خۆ ئاسمان‌و زەوی جووت نابێت .... دۆخەو کێشەی بیرکردنەوەی تا ئەهات سەری ئەکردو گەورە تر ئەبوو جیهانی ئەهەژاندەوە .... کاتێ بێ‌ئارامی‌و

دوودڵی‌یەکەی خۆی بەم چەشنە بینی کە تەنیا خەیاڵەو بیرکردنەوەیەکی بۆشەو بەس ... رژد بوو لەسەر ئەوەی کە ئەمجارەیان ئەتوانێ بە ڕێگایەکی باشترو پوختتر لەوانی پێشووی قسە بکاو ووتار بخوێنێتەوە . چونکە چیتر مێشکی خۆی بە ترسی‌و لەرزێك خەریك نەکرد کە بوونی راستەقینەیان نی‌یە ... بیرکردنەوەیەك کە ئەقل پی‌ی‌رازی نی‌یە . ئابەم جۆرە توانی ببێتە گەورە ترین رێنیشاندەری چەرخی خۆی .

پێویستە ئلوا سەیری بێ‌ئارامی بکەین کە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هێزی دەمارەکی « القوه العصبیه » یا بە شێوەیەکی تر ئەم هێزە سوود بەخشە شاراوەیەیە کە لە ناخی ناوەوەی مرۆڤ دایە .

بێ‌ئارامی هیچ کاتێ ئازارمان نادات تەنیا ئەو کاتانە نەبێت **کە ئەم هێزە شاراوەیە لە بواری نەزانین‌و بێ سوودی‌دا لە دەست بدەین** . چارە سەری سەرکەوتوانە لەوە دایە کە دان بنێین بە بی ئارامی کە بەشێکە لە ژیانمان‌و زانینمان **بە چۆنەتی سوود لێ وەرگرتنی** ، ئەمەش لە لە ڕێگای ئاراستە کردنی ئەم هێزەو بەکارهێنانی لە بواری بەرهەم‌داری باش‌دا دێتە کایەوە .

فەیلەسوفی ئەمەریکی « هنری دایڤید ثورو » **[دیتی کە بە نزم کردنەوەی رادەی پێویستیەکان بۆ نزم ترین رادە ئەتوانین** تام‌و چێژ زیاتر لە ژیان وەربگرین]

ئەوکاتە بیرکردنەوەشمان بۆ وەدەست خستنی سامان‌و دەرامەتی زیاتر بۆ تێرکردنی ئارەزووی زیاتر نابێتە هۆی دڵ تەنگی‌و بێ‌ئارامی مان . وە (ثورو) بۆی روون بۆتەوە کە زۆرشت هەیە مرۆڤ بەبێ ئەوانیش ئەتوانێت بژیت چونکە بوون‌و نەبوونیان وەك یەکە .

ئابەم جۆرە (سوکرات) ی فەیلەسوف‌و **حەکیم** دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا پەیرەوی ئەم بیرۆزەی کردووە .... **خۆشترین ژیانی بەسەر بردووە :**

سوکرات راوکەرێکی بیرە لەدارەتی دونیادا تەنیا کۆنە بەلەمێکی هەبووە خانوویەکی بچوك لە رۆخ دەریاکە وەستاوی ژێر بەزەیی باو شەپۆلەکانی دەریاو رووداوە دڵ رەقەکانی سروشت ... بیری لە کۆکردنەوەی پوول وپارەو دەرامەت نەکردۆتەوە . ئەوەی لە لایا گرنگ بووە (سەر بە خۆیی سەربەستی) لە هەڵس‌و کەوتیاو لەسەرە خۆبە کپی‌و هێمنی ئەژیا ..

ئەم جۆرە راوەکەرە پێویستە پێوانەو سەنگی مەحەك بێت بۆ ئەو کەسانەی کە ژیان بە هونەری کۆکردنەوەی پول‌و پارەو سامانی ماددی ئەزانن ... پشوو حەسانەوەیان لە خۆیان هەڵگرتووەو هەموویان کردۆتە قوربانی ئەم ڕێگایە . بیر لە هیچ شتی ناکەنەوە تەنیا ئەو رۆژگارە نەبێت کە ڕێگای کۆکردنەوەی سامانیان لێ‌بگرێ ... **ئەوانە هەرگیز لە ژیانێکی** تەنگ‌و دوودڵی یەکی بەر دەوام‌دا ئەژین ڕێگاو کلۆج زۆرە کە بە هۆیانەوە بتوانین دەست نیشانی سەختی گیروگرفتەکانی خۆمانیان پی‌بکەین‌و بە پێوەرێکی راست‌و رەوان هەڵیان بسەنگێنین .

« ئەندریە جید » کاتێ کە پیانۆ لێ‌ئەدا ... دوو دڵی بەشتێکی ئاسایی ئەزانێ سەبارەت بەو ئاوازە پەسۆزو خرۆشەی کە لە ژێر پەنجەکانیا هەڵئەقوولێ ... هەروەها « لیون تولستوی » کاتی کە لەئاوابوونی خۆر بە پشت دەشت‌و دارستانەکاندا وورد ئەبێتەوە ... شەرمی بە خۆیە کە بیرکردنەوەی خۆی بەم جۆرە خەیاڵانە ببەستێتەوە .. لە کاتێکا ئەم جیهانە پان‌و بەرینە بەم جۆرە جوانی‌یەی سروشت رازاوەتەوە .

« ئەلسەر ونستون » خەم پەژارەی ئەم جیهانەی کەوتبووە سەر شانی لە کاتی شەری جیهانگری دووەم‌دا ... **زۆر جاران خۆی لە بۆخەی شەرو هەرای رامیاری دوور ئەخستەوە تابلۆیەکی رەنگی وێنە ئەکرد** « هنری ووردبتشر » .ئەڵێ :ـ

کارکردن مرۆڤ یاکوژێ .... بەڵکو دوودڵی ئەبێتە هۆی کوشتنی ، کارکردن تەندروستی‌یە .... دوودڵی ژەنگێکە تیغی جەوهەردار کول ئەکار ئەیسوێ .

« سەرچاوەکان »

(١) گۆڤاری « البیان » ژمارە ٩٣ کانوونی دووەم ١٩٧٣
(٢) کتاب « القلق » سیجمند فروید
(٣) گۆڤاری « الهلال » آب ١٩٧٧
(٤) گۆڤاری « الرساله الاسلامیه » ژمارە ١٠ ساڵی دەیەم .
(٥) نامیلکەی « نظریه فروید » دراسه و تحلیل ـ محمود علی الفلاحی .